

لەنێو فایل

# بۆچی لەنجـ

### دۆزینەوەی تەرمێک

نیوەڕۆیەکی ساردوو باراناوی بوو کابرایەکی (٤٥)ساڵی کە بەرێکەوت ڕێی بەو کۆڵانەدا کەوتبوو، لەگەڵ پێچ کردنەوەی، ڕەنگی سووری گۆماوە بچووکەکەی بەردەمی سەرنجی ڕاکێشا و ساتێك وەستا و وردتر دیقەتیدا، ئەمجا لەسەرەخۆ و هیواشتر بەرەو گۆماوەکە چوو، سەری نەویتر کردەوە و بەرەو ئەو شوێنە دەڕۆیشت کە خوێناوەکە ڕەنگە سوورەکەی تۆختر دەبوو، لەپڕ وەستا، بینی لە سووچی دیوارێکدا کچێکی (٢٠)ساڵەیی هەتا بڵێی جوان و شۆخ پشتی بە دیوارەکە داوە و ملیشی لار بۆتەوە، ڕێك وەك ئەوەی حەزی کردبێ لەبن ئەو دیوارە لە ژێر دڵۆپەی بارانی ئەو کاتە سەرخەوێك بشکێنێ، وەها کەوتبوو دەتگوت تازە خەوی لێکەوتووە.

کابرا تۆزێك لە کچە ڕاما و ویستی بڵێ کچم ئەوە بۆ لێرە لەبەر ئەو بارانە خەوتووی هەموو لەشت تەڕ بووە، کەچی لەپڕ وەك بروسکە ژانێك بەنێو دڵی داهات و چاوی کردەوە یا ڕاستترە بڵێین بەخۆداهاتەوە و چاوەکانی ئەبڵەق و زەق بوون، سەرنجی لە جل وشانیدا، دەستێکی درێژکرد و ویستی بزانێ خوێنەکە لە کوێی دێت، هەر زوو دەستی گەڕاندە دواوە و هەستی بە ترسێکی کوشندە و یەکجار ڕەشبین کرد. تازە هاتبۆوە سەرهۆشی خۆی، ئەوجا زانی ئەو کچە مرۆڤێکە و کوژراوە و لێرە فڕێدراوە.

کچە هێشتا خوێنەکەی گەرمبوو، ئەوەندە خوێنەی لەلەشی مابوو، زۆر لەسەرخۆ لە شوێنی گوللەکە دەچۆڕاو دەهاتە دەرەوە، کابرا بەڕاستی ترسی گەیشتێ خودایە چی بکەم، ئاخر ئەو کچە جوانەیان بۆ کوشتووە، کەسێك ئەوەندە مرۆڤ کوژ و بێویژدان و دڵڕەق بێت، کچە جوان و جاحێڵێکی وەها بکوژێ، حەتمەن ئێستا لە شوێنێك خۆی مات داوە و منیش دەبینێ، ئەوسا ئەگەر عەقڵی گرتی لەوانەیە گوللەیەك بنێ بەمنیشەوە هەتا زووە بابڕۆم... کابرا ئەو قسانەی لەدڵی خۆی کرد و چەند هەنگاوێك ڕۆیشت تۆزێك ڕاوەستا، دەموچاوی سوور هەڵگەڕاو مووەکانی لەشی ڕەپ بوون، دەمووچاوی گرژبوو هەناسەی تووندتربوون و دڵی زیاتر لێیدەدا، گەڕایەوە دواوە و بە ڕقێکی زۆرەوە سەیری گۆماوە خوێنەکەی کردوو بڕیاری خۆیدا.

### ئاگادارکردنەوەی پۆلیس


کابرا مۆبایلەکەی گیرفانی دەرهێنا و زەنگی لێدا، دوای نزیکەی چارەگە سەعاتێك دووسێ ئۆتۆمبێلی پۆلیس بە چەند پۆلیس و ڕێپێدراو و ئەفسەرێکەوە گەیشتنە شوێنەکە و کابرا چووە پێشەوە و خۆی پێناساندن و گوتی: ناوم خۆشەوییە، ئەم نیوەڕۆیە، کە هەمووی ٢٠خولەکێك دەبێ بێرەدا ڕەتبووم و بەرێکەوت ئەم تەرمەم لێرە بینی و زەنگم بۆ ئێوە لێدا..

قسەکانی خۆشەوی تۆمارکرا و دەستکرا بە پشکنینی شوێنی ڕووداوەکە و هەرچی لەوێ هەبوو هەمووی تۆمارکرا و پاشان تەرمەکە بردرایە پزیشکی دادی و لەوێ پشکێنرا، لە پشکنین دەرکەوت نزیکەی دوو کاتژمێرێك دەبێ کوژراوە، گوللەیەك لەملی دراوە، بۆڕی خوێن و ماسولکەکانی ملی هەڵزڕاندووە و دوو بڕبڕەی ملیشی شکاندووە، دەوروبەری کونی گوللەکە شوێنی باڕووت و سووتان هەیە ئەمەش نیشانیدەدات کە زۆر لە نزیکەوە گوللەکەی لێدراوە، دوای تەواوبوونی پشکنینی پزیشکی ڕاپۆرتەکە بە پەراوەکەی کە بۆی کرابۆوە بەسترا، لێکۆڵینەوەیەکی دووروودرێژیش لەگەڵ (خۆشەوی) کرا، دەرەنجامی لێکۆڵینەوە دەریخست کە (خۆشەوی) تەنیا هەواڵدەری ڕووداوەکە بووە و بەس، هیچ پەیوەندییەکی بە تاوانەکەوە نییە دوای چەند ڕۆژێك لە لێکۆڵینەوەی چڕوپڕ دەرکەوت کە ئەو کچە پێشتر بە دوو ڕۆژ لە بنکەی چاکسازی نێوجەوانان بووە، هەر کە هاتۆتە دەرەوە ڕۆژی دوایی کوژراوە.

### لەنجە کێ بوو؟

کە پۆلیس بە ناوی بنکەکەدا ڕۆیشتەوە، دەرکەوت ناوی (لەنجە)یە و وێنەکەشی لە لیستەکە درابوو، هۆی مانەوەشی لەو بنکەیە تەنیا بۆ پارێزگاری لێکردنی بووە و هیچی تر، بەڵام چۆن هاتۆتە ئەو شوێنە؟ توێژەری کۆمەڵایەتی بنکەکە ئەم شێوەیە گێڕایەوە و گوتی: ڕاستییەکەی برادەرانی پۆلیس لەسەر بڕیاری دادوەری تایبەتمەند (لەنجە)یان هێنایە ئێرە، (لەنجە) لەماڵی براکەی دەژیا، ماوەیەك بوو گومانی لەبراژنەکەی خۆی هەبوو کە دەستی لەگەڵ کوڕێك هەبوو، کاتێك(لەنجە) دەچووە پەیمانگا

ئا: باوکی میدیا



## ...ەکانی دادگاوە

# ...ەتان کوشت؟



(چونکە قوتابی پەیمانگا)بوو، براژنەکەی ژوانی لەگەڵ کوڕەکە دادەنا، یەك دووجارێك (لەنجە) خۆی لە بۆسەدابوو بۆی، ڕۆژێك بە براژنەکەی گوت: ئەمڕۆ زوو دەچمە پەیمانگا چونکە تاقیکردنەوەمان هەیە دەچم لەوێ دەخوێنم تا کاتی تاقیکردنەوەم دێت، براژنەکەشی گووتی: باشە بڕۆ کە ڕۆیشت، لە سووچێکی کۆڵانەکەیان خۆی مەڵاس دەدا، دوای کەمێك کوڕێك بەدیار دەکەوێ کە پێنج شەش ساڵێك لە براژنەکەی بچووکتر دەبێت، یەکسەر خۆی بە ژووردا دەکات و براژنەکەشی دەرگای حەوشەکە دادەخات (لەنجە)ش بەخێرایی دەڕوا و بەتووندی لەدەرگا دەدات، پاش تۆزێك برژانەکەی دەرگاکە دەکاتەوە،(لەنجە) بەپرتاو خۆی بەژوور دادەکات و یەکە بەیەکەی ژوورەکان دەگەڕێ دەبینێ کەسی لێنییە، بەهاواروقیژەوە بە براژنەکەی دەڵێ کوا ئەو کوڕەی هاتە ژوورەوە لەکوێت شاردۆتەوە، براژنەکەشی خۆی لێ نەزان دەکات و بەتوڕەییەوە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: کچێ جارێکی تر قسەی وا نەکەی، ئەوە ماڵەکە لە پێشتە بگەڕێ تا دەیدۆزییەوە، ئەگەر دۆزیتەوە حەیام ببە، ئەگەر نەتدۆزییەوە هەرچی خراپ بێت پێتی دەکەم، ئەم مشتومڕە ماوەیەك دەکێشێ و(لەنجە) لە دۆزینەوەی کوڕەکە بێئومێد دەبێت و پێی دەڵێ: دەزانم بەسەربان بەڕێت کرد، بەس وەرە پێم بڵێ بۆ وادەکەی براکەم چ خراپییەکی بۆ تۆ هەیە..؟ ئەگەر پێی ناڕازی خۆ جارێ منداڵتان نەبووە، ئاساییە داوای تەڵاقی لێبکە و جیابەوە لێی بۆ خیانەتی لێدەکەی...(لەنجە) بەنیازبوو بە قسەی خۆش دانپیانانی لێوەربگرێت، هەر وەك خۆی بۆ ئێمەی باسی کردووە قسەکانیشی لای ئێمە بەشێوەیەکی یاساییانە تۆمارکراوە، بەهەرحاڵ وەك خۆی پێی گوتین: مەبەستم ئەوەبوو دان بە هەڵەکەی خۆی بنێ و ئینجا وای لێبکەم واز لەوکارە هەڵەیەی بێنێ، چونکە لەوانەیە سەری تیابچێ و ئابڕووی ئێمەش بچێت، بەڵام قسەکردن لەگەڵی بێسوود بوو، ئەو هەر سوور بوو لەسەر نکوڵی کردن لێی، ئەوەبوو منیش بڕیارمدا و گوتم: سوێندبێت، کە من بە چاوی خۆم ئەو کوڕەم بینی، هەر دەبێ بەسەر تاوانەوە بتگرم و لەدەمی خۆت دانپیانان ببیستم.

ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە لەسەر قسەکانی دەڕوا و دەڵێ: بەڕاستی (لەنجە) کچێکی تا بڵێی بەحەیا و بەئەدەب بوو، هەڵەی باوك و براکانی گەیاندییە ئێرە، ئەگەر کەللەرەقی و بێ عەقڵی و نەزانی باوك و براکانی نەبووایە، پۆلیس ناچار نەدەبوو ئەو کچە لێرە دابنێ بۆ پاراستنی، ئەوە تەنیا هەفتەیەك لێرە مایەوە، بەڵام شەو و ڕۆژ دەگریا و دەیناڵاند و دەیگوت: توخوا من شوێنم ئێرەیە، براژنەکەم تاوانی کردووە من چی بکەم... بەهەرحاڵ (لەنجە) سووربوو کە کارە هەڵەکەی براژنەکەی بە بەڵگەوە ببینێ، ئیتر چەند جارێکی تر خۆی لێ مەڵاس داوە، ڕۆژێك دەڵێ دەچمە پەیمانگا و بە براژنەکەی دەڵێ دەرگاکە لەدوای من داخە، بەڵام کە دەڕوا کلیلی ژوورەوە لەگەڵ خۆی دەبات، لە شوێنێك خۆی مەڵاس دەدات و دەبینێ هەمان شتی جارانە، ئەمجارە دەچێتە ماڵی دراوسێیەکەیان و دەڵێ کەسمان لەماڵ نییە و کلیلیشم لە ماڵەوە لەبیر کردووە بەسەربانی ماڵی ئێوە دەچمە سەربانی خۆمان و دەرگای ماڵەوەمان دەکەمەوە، ئەوانیش دەڵێن بڕۆ، لەسەربان بەرمیلێك دێنێ و بەسەری دەکەوێ تا بتوانێ بەسەر دیوارەکەوە بکەوێ، بەهەرحاڵ بەهەر زەحمەتێك بێت بەسەردیوارەکە دەکەوێ و خۆی بۆ سەربانی خۆیان تێهەڵدەدا لەوێ بەهێواشی و بەپارێز دێتە خوارەوە و گوێی لەدەنگە دەنگێکی نزم دەبێت کە هی هەردووکیان دەبێ، وردە وردە و بە نەرمی دێتە خوارەوە و لەدەنگەکە نزیك دەبێتەوە تا دەزانێ لەکام ژوورە، ژوورەکە نیوەی دەرگاکەی کرابۆوە، لەسەرەخۆ سەری دەباتە پێشەوە و دەرگاکە بە ئاستەم لەسەرخۆ دەکاتەوە و لە سوچێکی کەمی دەرگاکە بەشێکی لەشی هەردووکیان دەبینێ کە رووتن، ئیتر دەزانێ کە ئەوان وا تێکئاڵاون و ئاگایان لەکەس نییە و پێکەوەن، ئەویش بڕیاری خۆی دەدا و لەپڕ وەکو بروسکە دەرگاکە دەکاتەوەوە و رووبەڕووی هەردووکیان رەق رادەوستێ، سەیرێکی براژنەکەی دەکات و تفێکی رووبەڕووی لێدەکات و بەکوڕەکەش دەڵێ هەستە کوڕی ناپیاو هەتا بەکوشتنم نەداوی لەو ماڵە بڕۆ دەرەوە و ون بە، کوڕە بەپەلە پەل جلوبەرگەکانی کۆ دەکاتەوە و لە دەرەوەی ژوورەکە لەبەری دەکات و بە براژنەکەشی دەڵێ: ها رەنگ زەرد و پەرێشان و بێ دەم و زار ماوی، بۆ قسەناکەی، بۆ نکۆڵی ناکەی؟

پاشان (لەنجە) بڕیار دەدات بە براکەی بڵێ بەڵام نایڵێ، هەر چۆنێك بێت چەند ڕۆژێك ئەو مەسەلەیە لەمێشکی دەخولێتەوە، ئینجا بڕیار دەدات بە براکەی بڵێ، بەڵام تا ئەو بە براکەی دەڵێ، براکەی بەخۆی گومانی لێدەکات و دواتر بەڵگە لەسەر ژنەکەی خۆی بەدەست دەکەوێ، براکەی و براکانی تری و باوکیشی دێنە سەر ئەو بڕوایەی کە (لەنجە)ش لەگەڵ براژنەکەی دەستی تێکەڵە و ئەوکارانە دەکەن، هەر چەند هاوار دەکا و دەقیژێنێ کە ئەو چاکە و تەنیا ژنەکەی ناپاکی لێکردووە و مەسەلەکەی زۆر گەورە بووە لەلای بۆیە نەیتوانیوە دەمودەست بڕیار بدات کاروکردەوەی براژنەکەی ئاشکرا بکات، هەموو ئەو قسانە بێسوود دەبێ و بڕوای پێناکەن، ئیتر کە کۆدەبنەوە و بڕیار دەدەن هەردووکیان بکوژن، دایکی بە مەسەلەکە دەزانێ و دراوسێیەکیان هەواڵ بۆ (لەنجە) دەنێرێ کە بڕواتە بنکەی پۆلیس و خۆی دەرباز بکات و شکایەت لە براکانی بکات کە بەبێ گوناه و تاوان دەیانەوێ بیکوژن، کە(لەنجە) هەواڵەکەی پێدەگات دەچێتە بنکەی پۆلیس، پۆلیسیش لەسەر بڕیاری دادوەر لە بنکەی چاکسازی دادەنێت بۆ پاراستنی، پاش ئەوەی هەفتەیەك دەمێنێتەوە کە دێتە دەرەوە بەو شێوەیە دەیکوژن کە زانرا، دیارە براژنەکەشیان کوشتووە، بکوژیش برای (لەنجە)یە و هەڵاتووە، ماڵی باوکیشی هەموویان ماڵیان بارکردووە و کەس نازانێ بۆ کوێ چوون.

●●●

**کچە هێشتا خوێنەکەی گەرم بوو، ئەوەندە خوێنەی لە لەشی مابوو زۆر لە سەرخۆ لە شوێنی گوللەکە دەچۆڕا و دەهاتە دەرەوە**

●●●

●●●

**دوو ڕۆژ پێش ڕووداوەکە (لەنجە) لە بنکەی چاکسازی نەوجەوانان بوو، هەر کە هاتبووە دەرەوە ڕۆژی دواتر کوژرابوو**

●●●

●●●

**عەقڵ و بیرکردنەوەی هەندێ لە پیاوانی کۆمەڵی ئێمە هێندە نامەنتیقەو بۆی ناکرێ رەش و سپی لێک جیابکاتەوە، زۆرجار تاوانبار و بێ تاوان، گوناهبار و مرۆڤی خاوێن وەک یەک تەماشا دەکات، (لەنجە) لەبری ئەوەی وەک کچێک هەوڵی ئاشکراکردنی گوناهێکی داوە ڕێزی لێبگیرێ، کەچی لەلایەن بنەماڵەکەیەوە ئەویش وەک تاوانبار سزا دەدرێ**

●●●



# کوشتنی پیاوێک لە دۆخێکی تەمومژاویدا

کوشتنی نادیار و لە بارودۆخی ئاڵۆز و پڕ تەمومژاوی یەکێکە لە کارە قورسەکانی هەر لێکۆڵەرێك، چونکە لەم دۆخەدا گیانی مرۆڤێك ژێر گڵ نراوە، تاوانبارێکیش کە نەناسراوە خۆی وون کردووەوە.

بە نە دۆزینەوەی ئەو تاوانبارە گیانی بێتاوانی ئەم مرۆڤە بەخۆڕایی بە فیڕۆ دەڕوات و تاوانبارێکیش لە دەست دادگا و یاسا دەربازی دەبێت... کوشتنی (سابیر)ش لەم شێوەیە، ئەو پیاوە،لە شەوێکی تاریکی ئەنگوستەچاودا لە ناو کۆڵانەکەی خۆیان، لە نزیك ماڵەکەیان بە چەند فرسەخێك دوورتر، تەقەی لێدەکرێت، پاشان دەدرێتە بەر چەقۆ، مەیتەکەشی هەر لەوێ فڕێ دەدەن... دادگا نزیکەی شەش مانگان خەریکی لێکۆڵینەوە دەبێ، بێ ئەوەی دەربکەوێت کە بکوژەکە کێیە.. جا بزانین وردەکارییەکانی ئەم تاوانە چۆن بوو، لە کوێ روویدا و هەنگاوەکانی لێکۆڵینەوە بەچی گەیشت؟

## شەوی تاوانەکە

ئەو کۆڵانەی (سابیر)ی پێدا دەڕۆیشتە سەر کار و ئێواران دەهاتەوە هەر ئەو کوڵانەش بوو کە دەیگەیاندە ماڵەکەی خۆی،(سابیر) دوو ژنی هێنابوو، ژنی یەکەمی منداڵی لە بارچووبوو، بەسەر منداڵەوە مردبوو، چ منداڵی لەو نەبووبوو لە ژنی دووەمیشی تەنیا دوو کوڕی شەش حەوت ساڵی هەبوو.. (سابیر) نزیکەی حەوت

ساڵێك دەبوو ماڵی لەو کوڵانەبوو ناخۆشی و عاجزی لەگەڵ کەسدا نەبوو... (حەمەدەمین)ی هاوسێی شەوی تاوانەکە بەمشێوەیە دەگێڕێتەوە و دەڵێ: کاتژمێر چواری بەرەبەیانی بوو، دنیا تەواو تاریك بوو، دنیا تا بڵێی سارد و سۆڵ بوو، سەر لە ئێوارەوە بارانێکی بەخوڕ دایکردبوو ، ناوە ناوە دەیبڕیەوە و پاش نیوکاتژمێرێك دووبارە بەخوڕ دەبارییەوە.. (حەمەدەمین) بەردەوام دەبێ و دەڵێ: جا

ئەو شەوە من دوو مەنجەڵە نۆك و لۆبیام ئامادە دەكرد و لەسەر پایسكیلەكەم دادەنا و بۆ بازاڕی ناو شار ملم لێدەنا، بەر لەوەی دەرگا بكەمەوە و بڕۆم، گوێم لە دەنگی تەقەیەك بوو، پاشان تەقەی دووەمیشم بیست، منیش بەسرتە و كەمێك بە پارێزەوە بە هێواشی دەرگاكەم كردەوە و لە سوچێكی تەسك و بچووكی دەرگاكە سەیری دەرەوە كرد، بینیم دوو كەس دەستەویەخەیانە لەگەڵ كەسێك و چەند چەقۆیەكیان لێدا و بەریاندایەوە و پاشان رایانكرد، منیش هاتمە دەرەوە بزانم كابرا كێیە، ئاخۆ ماوە یان مردووە، چەقۆكەم هەڵگرتەوە و دواتر فڕێمدایەوە كاك(سابیر) ی دراوسێمان بوو، چەندی لێمپرسی كوڕە (سابیر) ئەوانە كێ بوون، نەیتوانی دەم لێكبكاتەوە، لە گیانەڵادابوو، دوای چەند ساتێك هەناسەی لە بڕ بڕا و مرد.

بەجێمهێشت و گەڕامەوە ماڵەوە خێزانەكەم بە ئاگا هێناو هەواڵەكەمم پێگوت، هەر چۆنێك بێت دوای كاتژمێرێك و نیو بڕیارماندا دەرو دراوسێكان ئاگادار بكەینەوە، یەكەمجار دراوسێكەی تەنیشتمان و دواتر ئەوانیتریش بە هەر حاڵ تا رۆژ بۆوە، پۆلیس ئاگادار كرایەوە، لێكۆڵینەوە و گوفتار وەرگرتنی پۆلیس دەستی پێكرد هێندەی نەبرد من خۆم لە بەندیخانە دیتەوە.

## بكوژانی راستەقینە كێن؟

بەیانی رۆژی رووداوەكە كە پۆلیس هاتنە سەر تەرمەكە، ئەو شتانەی كە تاوانەكەی پێكرابوو، كە دەمانچەیەك و چەقۆیەك بوو، هەڵگیران و تەرمەكەشی برا بۆ توێكاریكردن.

ئامرازەكانی تاوانەكە برانە پشكنین لە جێبەڵگەی تاوان، جگە لە (حەمەدەمین) سێ گومانلێكراوی تریش دەستگیر دەكرێن، تاوەكو لێكۆڵینەوە بە ئاكامێك دەگات، لە كاتی لێكۆڵینەوەدا لەسەر بڕیاری دادگا پەنجە مۆری هەموو گومانلێكراوەكان وەرگیرا و پەنجەمۆری (حەمەدەمین) لەسەر چەقۆ دەركەوت..!

بە بڕیاری دادگا بووە گومانلێكراوی سەرەكی لەو تاوانە كە تەرمەكەش برایە نەخۆشخانە بۆ توێكاری، لە پشكنیندا دەركەوت كە كابرا یەكەمجار لە رووی پێشەوە گوللەیەكی بەر شانی چەپی كەوتووە، دواتر لە پشتەوەڕا گوللەیەك لە پشتی دراوە لە سنگی دەرچووە، ئەوەی پشتی یەكەمجار ئێسكی دەفەی شانی ورد كردووە، پاشان رێك سیپەلاكی هەڵزڕیووە ئینجا دەرچووەتە دەرەوە، ئەوەی دووەمیشی گۆشتا و گۆشت لەلای شانی چووەتە ژوورەوە لە پشتەوە كونێكی گەورەی لێكردووە، وەك پشكنین دەریخست كابرا بەر لەوەی چەقۆی لێبدرێت توانییوویەتی بەرگری بكات، بەڵام چونكە چەقۆیەكیان لەسەر دڵی داوە و یەكێكی تریش گەدەی كون كردووە، هێزی لەبەر بڕاوە و كەوتۆتە سەر زەوی و پاش كەمێك گیانی داوە.

## پاش هاتنەوەی ڕاپۆرتی توێكاری

وەكو لە دۆسییەكەدا تۆماركراوە ئێمەش بە وردی سەیرمان كرد، دەركەوتووە كە ئاراستەی دادگا ئەوەبوو كە بزانێ (حەمەدەمین) بۆچی و چۆن ئەو كابرایەی كوشتووە؟ (حەمەدەمین) چەند جارێك وتەی داوە كە ئەو تەنیا دراوسێیەكی كوژراوەكەیە و هیچی تر و بەرێكەوت بەسەر رووداوەكەدا كەوتووە.

بەڵام لێكۆڵینەوە گرنگییەكی زۆر بەم وتانە نادات.

با (حەمەدەمین) بەخۆی بە تەڵەوە بوونی خۆی و گیرانی بەناهەقی و دواتر بێتاوان بوونیشی باس بكات.

(حەمەدەمین) دەڵێ: كە دەستگیركرام سەرم سووڕما، باشە خۆ من خەڵكم لەو تاوانە ئاگاداركردەوە و هەر منیش بوومە هۆی ئاگاداربوونەوەی پۆلیس، ئێستا بوومەتە تاوانبار، نازانم!! ئەمەم رووبەڕوو بە لێكۆڵەر و دادوەریش گوت، ئەو قسانەم سوودی نەبوو، گوتیان پەنجەمۆری تۆ لەسەر خەنجەرەكەیە، گوتم من هەڵمگرتەوە بزانم چییە، خۆ دەمانچەشی لێبوو، كابرا دراوسێمانە و هیچ ناخۆشی و عاجزییەكمان لە نێواندا نەبووە، ئەوەتا خێزانەكەی و كەسوكاریشی سكاڵایان لە دژی من نییە و دەڵێن بێتاوانم، بۆ تاوانبارم دەكەن.

لێكۆڵینەوە شەش مانگی رەبەقی خایاند و لەو ماوەیەشدا چەندین كەس لێكۆڵینەوەیان لەگەڵدا كرا و چەندین كەسیش وەكو شایەت گوفتاریان وەرگیرا، لە هیچیاندا شتێك دەرنەكەوت كە نیشانەی تێوەگلانی (حەمەدەمین) بدات.

كە لێكۆڵینەوە بەبن بەست دەگاتن لەبەر نەبوونی بەڵگە و نەبوونی هۆیەك تێوەگلانی (حەمەدەمین) بسەلمێنێ، دادگا ئازادی دەكات، بەڵام كەی دوای نزیكەی چوار مانگ و نیو.. سەیر لەوەدایە ئامرازەكانی تاوانەكە دەستكەوتوونە كەچی تاوانباران بزرن، بۆیە لێكۆڵینەوە بۆ كاتی پەیدابوونی بەڵگە هەڵپەسێردراو و ئێستا و ئێستاش تاوانباران نەدۆزرانەوە و كەس نەیزانی كێ بوون و چۆن وا بە تۆكمەیی ئەو تاوانەیان ئەنجامدا و وەها بەسەركەوتوویش خۆیان دەرباز و ون كرد، ئەوە ماوەش دۆسییەكی گەورەی لێكۆڵینەوەیە بەبێ بوونی تاوانبار و بە فیرۆچوونی خوێنی مرۆڤێك كە كەس نەیزانی لەسەر چیش كوژرا، نە خێزانی نە كەسوكاری گومانیان لە كەس نەبوو، گومانی هیچ جۆرە دوژمنایەتییەكیشیان نەدەكرد، بە هەر حاڵ دۆسییەی ئەم كێشەیە داخرا تا رۆژی پەیدابوونی بەڵگە..

**سابیر دوو ژنی هێنابوو، یەكێكیان بەسەر منداڵبوونەوە مردبوو لەوەی دیكەشیان دوو كوڕی هەبوو**

**سەیر لەوەدایە ئامرازەكانی تاوانەكە دەستكەوتوون كە چی تاوانباران بزرن، بۆیە لێكۆڵینەوە تا كاتی پەیدابوونی بەڵگە هەڵپەسێردران**



# ئەو ئافرەتەی سوودی لە هەڵەی رابردووی وەرنەگرت

گەلێ جار مرۆڤ کە گوێبیستی هەندێ لە ڕووداوەکانی نێو ئەم کۆمەڵگایە دەبێت لە ئاستییاندا خۆی پێ ڕاناگیرێ و حەزدەکات بەر هەر جۆرێك بێت بچێتە نێو بنجوو نێوەڕۆکی بەسەرهاتەکانەوە، بەتایبەتی ئێمەی ڕۆژنامەنووس کە هەردەم دەمانەوێت بەدوای ڕاستییەکاندا بگەڕێین و بۆ خوێنەرانی بگوازینەوە و وەك هێلکەیەکی پاککراو بیخەینە بەردەستیان، دیارە لە زۆرکات و ساتدا پەنجەی تاوان و تاوانبارکردن بۆ پیاوان درێژ دەکرێت، کە ئەوان لە نێو کۆمەڵگادا پلەیەك تاوانبارن، بەڵام من بە پێچەوانەی بۆچوونی هەندێ لەو کەسانەم و پێم وایە هەردوو ڕەگەز لە کۆمەڵگا بەرامبەر بەم و ڕووداوانە تاوانبارە ، چونکە هەر وەکو دەڵێن چەپڵە بە دەستێك لێنادرێت تاوانیش بە ڕەگەزێك ئەنجام نادرێت، بۆیە دەبێت لە ئەنجامدانی هەر کارێك ئەقڵ و بیر بەکاربهێندرێت، بۆ ئەوەی نەکەوینە نێو ئاریشەیەك کە دەربازبوون لێی زۆر زەحمەت بێت و لێرەدا پەشیمانی دادنادات، دیارە من ئەو قسانەم هەروا نەهێناوەتەوە، ماوەیەك لەمەوپێش لە نێو خزم کەسەکانی باوکم مقۆمقۆیەك هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە ئەوەندە هامۆشۆیان ناکەین، بۆیە ڕاستی بەسەرهاتەکەمان نەدەزانی، تا وایلێهات ئەم مەسەلەیە لای کەسانی دیکەش باس دەکرا، ئەویش گوایە (ج) ی تەمەن(٢٨) ساڵان گیراوە و ئێستا لە بەندیخانەدا دەست بەسەرە،(ج) ، خاوەن خێزانە و سێ کچی هەیە و ئەوەی من بزانم کچەکانیشی کەمێك ئیفلیج و کەم ئەندامن ،(ج) ئەوە چەند ساڵە پۆلیسە ماوەیەکیشە لە سەنتەری (.....) کار دەکات، بۆ وارێك ناکەوێت ئافرەتێك لە کاتی ژوانا لەگەڵ کەسێك لە ماڵی باوکی ئەو ئافرەتەوە دەبیندرێت و ئەو کات پیاوەکە ڕادەکات و ئافرەتەکەش لە ترسی هەڕەشەی خانەوادەکەی بە هەمان شێوە ڕادەکات بۆ بنکەی توندوتیژی ئافرەتان و دوای وەرگرتنی وتەکانی ڕەوانەی سەنتەری (....) دەکرێت کە (ج)ی پۆلیسیش ئیشی لەوێیە پاش ماوەیەك پەیوەندی لە نێوانیان دروست دەبێت و دەگاتە ڕادەی ئەوەی کەوا (ج) م وەعدی هێنان بەو ئافرەتە دەدات و ئەو مەوزوعەش لە ماڵێ لای دایك و باوکیشی دەکاتەوە بەڵام لەبەر ئەوەی (ج) کرێچی دەبێت و باوکی سێ منداڵیشە و مووچەکەی تەنیا بەشی کرێ گرتنی ژوورێك دەکات، بۆیە دایك و باوکی بەو ژنهێنانەی ڕازی نابن و ئەویش کاتێ ئەم هەواڵە بەو ئافرەتە ڕادەگەیەنێت توورە دەبێت و سکاڵای دژی (ج) تۆمار دەکات کە گوایە سووکایەتی پێکردووە، بۆیە هەردوو لا واتە (ج)، و ئافرەتەکە ڕووبەڕووی یەکتر دەکرێنەوە و هەردووکیان دان بەو پەیوندییە دەنێن. دادگا بڕیاری بەندکردنی (ج) دەدات، بەڵام دوایی و بەهەر جۆرێ بێت ئەو ئافرەتەکە ناوی (ئە،ج) دەبێت ڕازی دەکەن، بۆ ئەوەی لە داوای خۆی پەشیمان بێتەوە ئەویش لە بنکەی پۆلیسی (...) لە داواکەی خۆی خۆش دەبێت و ئەکات(ج) بە کەفالەت بەردەبێت، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی کەوا ئێمە وەرمان گرتووە، دادوەر ئەم بڕیارەی تەمیزکردۆتەوە و ئێمەش چاوەڕوانی ڕۆژی دادگایی و هۆکاری تەمیزکردنەوە دەکەین.



مرۆڤ کە هەڵەیەك دەکات پێویستە سوود لەو هەڵانە بۆ دووبارە نەبوونەوە وەربگرێت، نەوەکو ئامادەبێ بۆ دووبارە کردنەوەی هەمان هەڵەی پێشوو کەوا بە دڵنیاییەوە بەرەو هەڵدێرمان دەبات ژیانییان لێ دەکاتە دۆزەخێکی هەمیشەیی و بێ کۆتایی.

بۆیە پێویست بوو(ئە) بە هیچ جۆرێ ئەم هەڵەی پێشووی دووبارە نەکردبایەوە و سوودی لە هەڵەی پێشووی وەربگرتبایە، نەوەکو لە کاتی چوون بۆ سەنتەری (...) هەوڵبدات پەیوەندی لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا دروست بکات و هەمان هەڵسوکەوتی پێشووی بۆ دووبارە بێتەوە و دواتر سکاڵا دژی ئەم پیاوە تۆمار بکات، دەبوایە(ئە) پێش ئەوەی سکاڵا دژی (ج)، تۆمار بکات کە گوایە وەعدی هێنانی پێداوە پێویست بوو سکاڵا دژی ئەو پیاوە، تۆمار بکردایە کەوا پێشتر پەیوەندی لەگەڵدا هەبوو، چونکە ئەو بووە هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوەی (ئە) ی بێتە ئەم شوێنە و بەمجۆرە ژیانی لێ بشێوێت.



(ج) منیش بەر لەوەی بیر لە پەیوەندیەکی لەو جۆرە بکردابایەوە دەبوایە ماڵ و منداڵەکانی هاتبا پێش چاو و تەقدیری وەزعی ئابووری خۆشی بکردبا.





# چۆن لە پرۆسەی ژنهێنان فیلم لێکرا ؟

(لوقمان) کە تەمەنی گەیشـــتبووە سی وپێنج ساڵی و هێشتا ژنێکی بەنســـیب نەبووبوو، چی داخوازییەکیشی کردبوو دواجار رەتیان کردبۆوە، جا یان کچەکە رەتیدەکردەوە یانیش ماڵەکـــە، دایك و باوکی پێـــی رازی نەدەبوون، هۆیەکەشـــی تەنیا ئەوەبوو وەکـــو خۆی دەیگوت: کاکە وەڵلا تەنیا و تەنیا بەدبەخت و چارەڕەشم ئەگەرنا ئەوەتا دەمبینی چ خەوشـــێکم هەیە..؟ بۆیە زۆر بێئومێد ببوو کە کچێکی دەستکەوێت.

ئیتـــر یـــەك دوو بـــرادەری بـــە گوێیانـــدا چرپاندبوو لەوانە(عیسا)ی نزیکە هاوڕێی پێی گوتبوو: کاکە دیارە بەخت و نســـیبی تۆ وایە، کچت بەنسیب نەبێ، واباشە بۆ خۆت بێوەژنێك بخوازیت... ئەویش لە بێ دەسەڵاتیان و لە بێئومێدیان تەســـلیمی ئـــەو بیرۆکەیە دەبێت.. ئەم بەسەرهاتەی دەیگێڕینەوە بەســـەرهاتێکی راستەقینەی پیاوێکە خۆی بەسەری هاتووە، کابرایەك وا نیشاندەدات کە گوایە خوشکێکی بێوەژنی هەیە و دەیەوێ بەمێردی بدات، رێکەوت وا دێتە پێشـــەوە قســـە لەگەڵ(لوقمان) بکات و بیداتە ئەو، لەســـەر هەموو شـــتێ رێکدەکەون بەتایبەتیش بڕی مارەیی پێشەکی کە لەسەر (٣)ملیۆن و بیست مســـقاڵ زێڕ پێکدێن، (لوقمان)ی بەدبەختیش دوای دوو رۆژ لـــە رێکەوتنەکەیـــان مارەییەکە ئامادە دەکات و پوختە و جوانیش لەدەســـت کابرای گوایە برای ژنە بێوەژنەکەی دەکات، بەڵام چارەنووسی ئەو بڕەپارەیە و زێـــڕەکان چی لێدێت و حەقیقەتـــی ئەو کابرایەی کە گوایە خوشـــکە بێوەژنەکەی داوەتێ چییە؟ با لە زاری (لوقمان) خۆی بزانین.

●●●
زۆر کچم داخوازیکرد، بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بێ رێکنەدەکەوت، دواجار برادەرەکانم ئامۆژگارییان کردم بێوەژنێک بخوازم
●●●

## دەستنەکەوتنی ژنێکی گونجاو

کابرا لە تەمەنێکدا دەبێت لای خۆمان پێی دەگوترێ پیرەکوڕ، کە لەو قۆناغەی ژیانیشی ڕێکەوتی کچێك نەکات بیخوازێت دیارە دووچاری جۆرێك لە هەستکردن بە نائومێدی دەبێ، بەهەرحاڵ با خۆی بەسەرهاتی خۆیمان بۆ بگێڕێتەوە و بزانین چی بەسەرهاتووە (لوقمان) دەڵێ: من لە خێزانێکم سێ برای لەخۆم بچوکتر پێش من ژنیان هێنا و منیش هیچ لارییەکم لەوەدانەبوو، تا تەمەنی (٣٠)ساڵیش لەو بڕوایە دابووم باجارێ پەلەی ژنهێنانم نەبێت، بەڵام کە گەیشتمە تەمەنی (٣٥)ساڵی بەخۆکەوتم، چونکە کە دایکم و خوشکێکی بەمێردم بۆ هەر داخوازییەك دەنارد کە دەیانگوت تەمەنی ئەوەندەیە نارازی دەبوون، یان دەیانگووت داواکاریمان ئەو شتانەیە و منیش ئەگەر داواکارییەکانم پێ هەڵنەسووڕابا، دەبوو بەخۆمان واز لەمەسەلەکە بێنین و پاشەکشە بکەین و چیتر نەچینەوە بەدوایا، زۆر کچم داخوازیکرد ئیتر لەبەر یەکێ لەو هۆیانە، یان هۆی تر کە نەمدەزانی چییە ڕێك نەدەکەوت و مەسەلەکە شکستی دەهێنا و منیش هێندەی دیکە نائومێد و بێ هیوا دەبووم، یەك دوو هاوڕێم هەبوو تەگبیری ئەوەیان بۆ کردم کە هەوڵدەم بێوەژنێك بخوازم ئەوەیان باشترە لەو کچانەی کە داواکاریان زۆرە و بەمن هەڵناگیرێت، بیرۆکەکە سەرنجی ڕاکێشام و بیرم لێکردەوە و دواجار لەمێشکم چەسپا، من ئێواران دەچوومە دوکانی یەکێ لە برادەرکانم کە ناوی (عیسا ) بوو، ئەو برادەرەم نووسینگەیەکی کڕین و فرۆشتنی زەوی و خانووی هەبوو، ناوە ناوەش پیاوێك دەهاتە ئەوێ و گوایە خانووی بەکرێ دەوێ، دەهاتە ئەوێ نیو کاتژمێرێك دادەنیشت و گوێی لە قسەی ئێمە دەگرت.

### کابرا ئامادەیی خۆی دەربڕی کێشەی ئەو برادەرە چارەسەر بکات

(لوقمان) لە قسەکانی بەردەوام دەبێ و دەڵێ: ڕۆژێ پاشنیوەڕۆ سەرودڵم زۆر ناڕەحەت بوو، ئەو ڕۆژە دایکم و خوشکم چووبوونە داخوازی کچێکی قەیرە کەچی داوای (٥٠)مسقاڵ زێڕیان وەك نەخت کردبوو، منیش گوتم ئەی قوڕم بەسەر ئەوە قەیرەیە ئەو داوایەی هەیە ئەگەر کچێکی چواردەساڵی بایە داوای چی دەکرد، یەکێ لە برادەرکانم گوتی: وەڵڵا کاك(لوقمان) چارەی دەردی تۆ تەنیا ژنێکی جاحێڵی قەیرەیە و بەس، ئەو کابرایەی کە هەموو ڕۆژێ دەهاتە نووسینگە ئەو ڕۆژی کە ئێمە لەو قسانەدابووین لەوێ دانیشتبوو دوای تەواوبوونی قسەکانم بەمنی گوت کاك(لوقمان) ئەگەر زەحمەت نەبێ تا دەرەوە بێیت دوو قسەم لەگەڵت هەیە، منیش گوتم باشە واهاتم کە چووینە دەرەوە کابرا گوتی: ناوم(سەلاح)ە و چەند ڕۆژێکیشە هاتووچۆی ئەو نووسینگەیە دەکەم و خاوەنەکەی دەزانێ ماڵمان لە کوێیە لەم گەڕەکە، من تۆم زۆر بەدڵە و کابرایەکی ڕاستگۆ و دڵپاکی بەڵام بەڕاستی لە ژنهێنان بەختت نییە، جا مادام پیاوێکی واباشی و نیازی ژنهێنانت هەیە، من ئامادەم بەهەموو شێوەیەك یارمەتیت بدەم..

منیش گوتم ئاخر چۆن، بەچی یارمەتیم دەدەی، گوتی: من زۆر حەز دەکەم خزمایەتی لەگەڵ پیاوێکی وەك تۆ بکەم و پێی سەربەرز بم، من خوشکێکی بێوەژنم هەیە و هەمووی یەك مانگ لەلای مێردەکەی بووە و بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل گیانی سپارد، تەمەنی هەر(٣٠)ساڵێك دەبێ و ئادگاریشی جوانە و زۆریش کابانە، لە ناو وناوبانگیشمان بپرسە بزانە چۆن بنەماڵەیەکین، مادام تۆ پیاوێکی خاوەن کەسایەتی خۆتیت من خوشکەکەی خۆمت پێشکەش دەکەم ئەگەر تۆ ڕازی بیت تەنیا نەختەکەی پێشەکی بدە و بۆ خۆی ناوماڵەکە و جلێکی خۆی بکڕێ هیچی تری ناوێت... منیش بەڕاستی قسەکانیم زۆر پێ ماقووڵ بوو، بە کابرایەکی زۆر بەڕێزم هاتە پێش چاو و چەندی دەمکرد نەمدەزانی چۆن سوپاسی لێبکەم، پێمگوت: کاکە وەڵڵا زۆریشت لێ مەمنوون دەبم و پێ سەربەرز دەبم ئەگەر تۆ ئەو پیاوەتییەم لەگەڵ بکەی، بەس با تۆزێك بیریشی لێبکەمەوە، گوتی باشە ئەوەبوو هەربۆ بەیانی گەیشتمە بڕیاری خۆم و گوتم: کاکە دەتوانم خوشکەکەت ببینم، گوتی: بەڵێ با بچینە ماڵەوە بیبینە، ئەوە بوو پێکەوە چووینە ماڵیان، ژنە زۆر زیرەکانە خۆی ڕازاندبۆوە بە جۆرێك هەم جوان دەربچێ و هەمیش خۆی گران نیشان دەدا، کە چاوم پێیکەوت بێ بیرکردنەوە بەکابرام گوت کاکە ڕازیمە، مارەییەکەیم پێ بڵێ با بزانم چەندە، گوتی:(٣) ملیۆن و بیست مسقاڵ زێڕە، بێ لێکدانەوە و بیرکردنەوە گوتم ڕازیمە، دەستمان لەناو دەستی یەك ناو ناوی خوامان لێهێنا، بەڵام گوتی یەك شەرتم هەیە، گوتم: چییە؟ گوتی: یەکەم جار تەنیا خۆت وەرە داخوازی و خۆت و خوشکەکەم بیبڕێننەوە تا ئەگەر ژنەکان پێی ڕازی نەبوون نەتوانن تێکیبدەن ئیتر کابرا ڕۆیشت و ڕۆژی دوایی پارەکە و زێڕەکەم هێنا و چووینە ماڵی ئەوان و وەکو چۆن لەگەڵی پێکهاتبووم وامان کرد و بڕە پارەکە و زێڕەکەم پێدا، بڕیاریشماندا بۆ دوو ڕۆژی تر ژن بێن و مەلاش لەگەڵ خۆیان بێنن بۆ مارەکردن و گێڕانی ئاهەنگی شەکراوخواردنەوە.

من بەو پەڕی بێ ئۆقرەیی و خۆشییەوە چاوەڕێی هاتنی ڕۆژەکەم دەکرد، جوان جوانیش خۆم لەلای سەرتاش ڕێك وپێك و ڕازاندبۆوە، ڕۆژەکە هات و منیش دایکم و پورەکانم و خوشکم لەگەڵ خۆم برد بۆ داخوازیکردنی کچەکە، کەچی چ ببینم؟ کە لە دەرگای ماڵەکەمان دا، کەس دەرگای لێنەکردینەوە چەند جارێکی تریش پیامان کێشا هەر کەس نەیکردەوە.

ئەوەبوو لەگەڵ لێدانەوەی دەرگاکەیان ئافرەتێکی دراوسێیان هاتە دەرەوە و گوتی: ئەوانە لەماڵ نین و خانووەکە چۆڵە، گوتمان: یانی چی چۆڵە دوو ڕۆژ پێش ئێستا ئێمە هاتووینەتە ئەم ماڵە چۆن چۆڵە!؟ ژنەکە گوتی: دوێنێ ئەوان لۆرییەکیان هێنا و کەلوپەلەکانیان بارکرد و لێیاندا ڕۆیشتن، ئەمڕۆ خاوەن خانووەکەش هاتبوو لێیانی پرسی، گوتمان ڕۆیشتوون باریان کردووە، کابرا دەیگووت ئەوە سێیەمین مانگە کرێی خانوویان نەداوەمەتێ بڕیار وابوو دوێنێ شەو بۆی ببات کەچی شەوەکە باریان کرد و ڕۆیشتن، بە ئێمەشیان گوت کرێمان داوە بەڵام خاوەن خانووەکە داوای کرێی زیادی کردووە، گوتم باشە ئەی خوشکەکەی ئەویش لەگەڵی ڕۆیشتووە؟ گوتی: خوشکی چی! کابرا تەنیا خۆی و ژنەکەی بوون، ژنەکەشی منداڵی نەبوو، گوتم: چۆن خوشکی چی، من خوشکێکم مارە کردووە و نەختیشم داوە، ئەوە دایکم و خزمەکانمن هاتووین بۆ مارەکردنی ئەمڕۆ ڕۆژی مارەکردنیەتی، ژنە هەر سوور بوو لەسەر قسەی خۆی و گوتی: ئەوە نزیکەی ساڵێکە لێرەن من نازانم کابرا خوشکی هەبووە یان نەء، ژنەکەشی ئافرەتێکی ئاوابووە، ئیتر وەسفی ژنەکەی کرد، کتومت ئەو ژنە بوو کە گوایە خوشکێتی و من خواستوومە و ئەمڕۆش بۆ مارەکردنی هاتووم، قسەکانی ژنە دراوسێیەکەیان هی ئەوە نەبوون بڕوا نەکرێ یان گومانی لێبکرێ، ئیتر هەر لە شوێنی خۆم سڕ بووم و دەستەوئەژنۆ دانیشتم.

دایکم و خوشکم چەندی کردیانە پرتە پرت و بۆڵە وجنێودان، بەڵام من کە زانیم چ سوودی نییە پێمگوتن ئێوە پێویست ناکات ئەو قسانە بکەن، من ئیتر بێوەژنیش ناخوازم، با بگەڕێینەوە بۆماڵ.

●●●
**کە چاوم بە ژنەکە کەوت بێ لێکدانەوە و بیرکردنەوە گوتم کاکە بە هەموو شتێك ڕازیم هەتا زووە با ناوی خوای لێبێنین**
●●●



# هەرزەکارێکی بێ تاوان بە تۆمەتی دەستدرێژیکردنە سەر

پاش نیوەڕۆیەکی گەرم بوو کە (شەریف) بەهەڵچوون و تووڕەبوونێکی ئاشکراوە چووە بنکەی پۆلیسی شارەدێیەکان تا سکاڵا لەدژی (بروای) هاوسێیان تۆمار بکات

## سکاڵاکردن لەدەست کوڕێکی لاسار

شـــەریف دوای نێوەڕۆیەکـــی گەرم بوو کە بە هەڵچـــوون و تووڕەبوونێکی ئاشکراوە، لەبنکەی پۆلیسی شارە دێیەکەیان دەرکەوت و یەکسەر چووە لای ڕێپێدراوی بنکە، سکاڵا تۆمار بکات، ئەویش سەرەتا ڕەوانەی لای ئەفسەری کردو دوای ئەوەی ئەفسەری بنکە گوێی لێگرت و زانی کێشەکەی چییە، کاغەزێکی بۆ نووسی و دایە دەستی بیداتە ڕێپێدراوەکە.

کـــە چـــۆوە ژووری ڕێپێدراوی بنکە، دیارە ئـــەو کابرایەکی بە ئەزموون و شـــارەزابوو لەلێکۆڵینەوە، بۆیە بەڕەنگ و ڕووی کابرا زانی شتێکی هەیە، بۆیە یەکســـەر لێی پرسی، برا کێشـــەکەت چییە، بەوردی بۆم باس بکە، ئەویش بەمشێوەیە کێشـــەکەی بۆ باسکرد و گوتی ((دراوسێیەکمان هەیە، ماڵێکی تابلێی خراپن، کوڕێکی هەرزەکاری لاســـاریان هەیە، کە لەســـەر دوکانەکەیانیـــان داناوە، چی ڕەفتاری خراپ هەیە دەیکات و هەرزەکارێکی تابلێی بێ شەرم و شورەیە، کچێکی یانزە ساڵیم هەیە، ئەم نێوەڕۆیە دایکی ناردویەتییە ئەو دوکانە بۆ ئەوەی دەبەیەك ڕۆنی زەیت بێنێ، ئەو لاســـارەش شـــەڕی پێفرۆشتووە و خەریکبووە دەســـتدرێژی بکاتە سەر، ئەوە کورتەی کێشەکەیەو دەشـــتوانی لەزاری منداڵەکەوە درێژەکەی بزانی، بۆیە هاتووم ســـکاڵا لەدژی تۆمار بکەم و بەگرتنی بـــدەم... ڕێپێدراوی بنکە داوای کچەکەی و هەر شایەتێکی کرد کە ئەگەر هەیەتی، ئەویش گوتی دەمەوێ قسەی کچەکەم و دایکیشی وەربگرن، ئەویش پێی گوت دەبڕۆوە بیانهێنە بابێن، دوای نزیکەی نیو کاتژمێرێك هەردووکیانی هێنایە بنکەی پۆلیس و ئەویـــش وەك ئەرکی فەرمی خۆی هەڵســـا بەجێبەجێکردنی فەرمانی ئەفســـەری بنکە، بە تۆمارکردنی ســـکاڵا لەدژی هەرزەکارێك بەناوی (بڕوا) کە گوایە دەســـتی بۆ کچەکەی بردووەو شـــەڕی پێ فرۆشتووە، پـــاش ئەوەی ســـکاڵاکە تەواو کراو ئیمزای ســـکاڵاکاری لەســـەر کرا ڕەوانەی لای ئەفســـەری بنکەکراو ئینجا کرایە دۆسییە و بردرایە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە، ئەویش کە ســـەیری داواکەو گوفتاری سکاڵاکاری کرد، فەرمانی کرد( بڕوا) دەســـتگیر بکرێت، فەرمانی دەستگیرکردنی (بڕوا) دەرکرا و پاشـــان هێنرایە بنکەی پۆلیـــس و گوفتاری وەرگیرا، ئەو لەگوفتاری خۆیدا وەهای گوتبوو: بەهیچ شـــێوەیەك دەستم بۆ کچە منداڵەکـــە نەبـــردووە، داوای ڕۆنی زەیتی کـــردووە و منیش داومەتێ و ڕۆیشـــتووە، کێشـــەکەش ئەوەیە باوکی ئەو منداڵە ڕقـــی لەمنەو چەند جارێـــك بۆتە دەماقاڵێمان کەیفی بەمن نایە، ناشـــزانم بۆچی هەرجارێك بەپێش دوکانەکەم دابێـــت هەنجەتێکم پێدەگرێ، جارێك بەبیانووی ئەوەی شتەکانم نرخیان گرانە، جارێك بەبیانووی ئەوەی گەنج و هەرزەکار لەپێش دوکانەکەم ڕادەوەســـتن، ئیتر چۆن بیەوێ بەم شێوەیە بڕوبیانووی پێدەگرتم نازانم چی لێم دەوێ.

ئەوە یەکەمجاریشی نییە سکاڵام لەدژی تۆمار دەکات، دوای تەواوبوونی وەرگرتنی گوفتارەکانی پەنجە مۆری پێوەرگیراو پاشان ڕەوانەی بەندیخانە کرا، (بـــڕوا) نزیکەی ٨ ڕۆژێك لەبەندیخانە مایەوە، لەم ماوەیەدا باوکی بڕوا چەند جارێك دراوســـێ و ریش ســـپیانی گەڕەکەکەیانی ناردە لای شەریف بەڵکو دەست لەداواکەی هەڵبگرێت و کوڕەکەی بەربدات، کەچی شەریف نەك هەر ئامادە نەبوو واز لەداواکەی بێنێ، بەڵکو سوور بوو لەسەر ئـــەوەی کە هەموو هەوڵێکیش دەدات کەوا حکومیش بکرێت، باوکی بڕوا گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ئاشتبوونەوە لەگەڵ ئەو کابرایە بێ سوودەو هیچ ئەنجامێکی نییە، بۆیە بەناچاری چوو پارێزەرێکی بۆ کوڕەکەی گرت و وازی لە ئاشتکردنەوەی شەریف هێنا.

ئیتـــر دوای ٨ ڕۆژ مانـــەوە لەبەندیخانە، پارێزەرەکـــەی بڕوا داوایەکیش پێشکەش بە دادگای لێکۆڵینەوە کرد بۆ ئازادکردنی کاتی بڕوا تا ڕۆژی دادگاییکردنی ئەوەبوو دادگای لێکۆڵینەوەش ڕەزامەندی خۆی لەســـەر داواکە نیشان دا و بڕوام ئازادکرا.



# کچێکی ١٥ساڵی بەند کرا

## لەبەردەم دادگای تایبەتمەند

کێشەکە مایەوە تا دۆسییەکە گەیشتە دادگای تایبەتمەند، دادوەری تایبەتمەند کە سەیری کێشەکەی کرد، دیتی کێشەیەکە دەکرێ، پێکهاتنەوەو ئاشتەوایی تێدا بکرێت، بۆیە هەر لەیەکەم دانیشتنی دادگاییدا مەسەلەی پێکهاتنەوەی خستە بەردەم، هەردوولا بەڵام (شەریف) بەهیچ بارێك رازی نەبوو پێکبێتەوە،لەو بارەیەوە پارێزەرەکەی بڕوا ئەو کێشەیەی بەو شێوەیە بۆ باس کردین و گوتی: هەندێ کەس زۆر سەیرن، کێشەی بچووك زۆر لەرادەی خۆی گەورە دەکەن ئەو کابرایە(شەریف) هەموو هەوڵێکی ئاشتەوایی خزم و ناسیاوی رەتکردەوە، هەوڵی دادگاشی رەتکردەوە، پێم سەیرە لەداوایەکی وەها دا ، کە ئەگەر تۆمەتبار تاوانباریش دەربچێ هەر لە ٣ مانگ بەندکردن یان پێ بژاردن زیاتر حوکم ناکرێت، نازانم بۆ سوورە لەسەر داواکەی و بۆچی ئەوەندە لەو هەرزەکارە بەرق و کینەیە.

بەهەر حاڵ دانیشتنەکانی دادگاییکردن دەستی پێکردەوە، دادگا پرسیاری لە کچە یانزە ساڵییەکەی شەریف کرد کە ناوی(بەناز) بوو رووداوەکە بگێڕتەوە، ئەویش بەمجۆرە روداوەکەی باس کردو گوتی: نیوەڕۆ بوو دایکم بۆ کڕینی رۆنی زەیت ناردمی بۆ دوکانەکەی ئەوانە (دەستی بۆ بڕوا درێژکرد) کە چووم بەتەنها بوو کەسی لەگەڵدا نەبوو، پارەکەم پێداو داوای رۆنی زەیتم لێکرد، ئەویش گوتی وەرە ژوورەوە بابتدەمێ، کەچووم گوتی لێرە راوەستا، پاشان هاتەوە لام و رۆنێکی زەیتی هێناو پێی گوتم هابگرە پارەت لێ وەرناگرم، منیش پارەکەم لێوەرەگرتەوە لێم نزیك بۆوە و ئیتر دەستی بەسینگی داهێنام و زنجیری پانتۆڵەکەی کردەوەو گوتی وەرە پێشەوە، منیش نەچووم و جوێنم پێداو هەڵاتمە دەرەوەو، یەکسەر چوومە لای دایکم و مەسەلەکەم بەدایکم گوت: لەو دەمیش باوکم کە لەسەر کاربوو هاتەوەو دایکم مەسەلەکەی پێگوت ئەویش چووە لای پۆلیس و شکاتی لێکرد...

پارێزەرەکەی (بڕوا)ش دانیشتنی یەکەمی دادگاییەکەی بەمشێوەیە بۆ گێڕاینەوەو گوتی: لەدانیشتنی یەکەمدا گوفتاری هەردوولا وەرگیرا، خۆشم چەند پرسیارێکم لەداواکاری مافی کەسینە کە دەکاتە باوکی منداڵەکەو خودی منداڵەکەش کرد و بۆ دادگام روونکردەوە کە باوکی ئەو منداڵە کێشەیەکی شەخسی تایبەتی لەگەڵ بریکاردارم (بڕوا) هەیەو ئەوەی ئەو دەیڵێ دوورە لەراستی و تەنها تووشکردنیەتی بەکێشەیەك، بۆیە داوای ئازادکردنی بریکاردارەکەم و داخستنی دۆسییەکە دەکەم، دوای چەندین دانیشتنی دادگای تایبەتمەند گەیشتە ئەو بڕوایە هیچ بەڵگەیەك نییە بیسەلمێنێ کە بڕوا ئەو دەستدرێژەییەی کردبێتە سەر ئەو کچە بۆیە بڕیاریدا بڕوا ئازاد بکرێت و کێشەکە دابخرێت.

## ناڕازیبوونی شەریف

کە بڕیارەکە دەرچوو شەریف ناڕەزایی خۆی دەربڕی و بەحوکمەکە ناڕازی بوو، بۆیە چوو لەدادگای باڵا بەحوکمەکەدا چۆوە، دوای نزیکەی مانگێك ئەنجامی بڕیاری دادگای باڵاتر هاتەوەو ئەمەو جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە دادگای تایبەتمەند حوکمێکی راست و یاساییانەی دەرکردووەو هیچ ناهەقی و نادادپەروەرییەك لەبڕیارەکەیدا نەبووەو هەقی داەتەوە خاوەن هەق.

## ئەی سەرچاوەی راستەقینەی کێشەکە چییە؟

کە بڕیاری دادگای باڵاتر هاتەوە شەریف هیچ بیانوویەکی بەدەست نەما ئەوە نەبێ، کە بە باوکی بڕوا بڵێت وامەزانە لەکۆڵت دەبمەوە تا هەقی خۆمت لێوەرنەگرمەوە شەرت بێ هەر بەدواتەوە بم، ئێمە سەرمان لەم سووربوونەی شەریف سوور مابوو، تۆ بڵێی ئەم رق و کینەیە لەچییەوە سەرچاوەی گرتبێت، باوکی بڕوا پێی گوتین هۆی ئەو رق و کینەیەی شەریف لە ئێمە بەکورتی ئەوەیە برایەکی من و خوکشێکی ئەو دڵیان دەچێتەیەك و یەکتریان خۆش دەوێت، براکەم چەند جارێك دەچێتە خوازبێنی کچەکە، بەڵام شەریف رازی نابێت، لەسەرچی نەمانزانی، دەمانگوت: بابە ئەو دوو کەسە یەکتریان خۆش دەوێت، چیتان بوێت بۆی دەکەین و نەختیش دەدەین، کوڕە باری دارایی باشەو خەریکی کاروکاسبییە، تۆ بۆچی دەبیە دڕکی مەم و زین لێیان، زۆرمان لەگەڵ هەوڵدا، کەڵکی نەبوو، ئیدی براکەشم لەوزەی نەماو گوتی بەناخۆشی لەگەڵی دەکەم ئەوەبوو رۆژێك کچەو کوڕە رێککەوتبوون لەسەر ئەوەی بچنە دادگاو داوای مارەکردن بکەن، چونکە براکەی رێ لەمێردکردنی کچەکە دەگرێ، ئەوەبوو داوامان تۆمارکرد و شەریفیان بانگ کرد ئەو لەوێش سووربوونی خۆی لە رەتکردنەوەی مێردکردنی خوشکەکەی بە براکەی من دووپاتکردەوە،بەڵام بێ ئەوەی هیچ پاساوێکی ماقووڵی هەبێت کە قەناعەت بەدادگا بێنێ رێگرتنەکەی مەشروعیەتی تێدایە یان لەبەرژەوەندی خوشکەکەیەتی، بۆیە دادگا رەوانەی دادگای لێکۆڵینەوەی کرد و دەستگیرکراو براکەشم لە دادگا خوشکەکەی ئەوی مارەکرد، پاش ئەوەی چەند رۆژێك لەبەندیخانە مایەوە بە پڕکردنەوەی بەڵێننامە ئازاد کرا، تا ئەو بەربوو براکەی من و خوشکەکەی ئەو، گرێبەستی مارە بڕینیشیان دەرهێنابوو، پاشان بەناچاری خۆی لەمەسەلەکە بێدەنگ کرد و براکەم بەرەزامەندی ماڵی بابی کچەکە، خوشکەکەی خواست و گواستیەوە، ئەوە رق و کینەی ئەو سایە لەئێمەی دەردێنێ، ئەگەر نا چاك دەزانی بڕوای کوڕم چەند بەئەدەب و بەڕەوشتە.

●●●
**سەیر لەوە دابوو دوای بڕیاری دادگاش (شەریف) هەر سووربوو لەسەر دژایەتیکردنی( بڕوا) و رق و کینەی خۆی بەرامبەر ئەو کوڕە هەرزەکارە نەدەشاردەوە**
●●●



# زێڕ بەخۆوەکردنی ئافرەتان ...

**زێڕ کانزایەکی گرانبەها و جوانە، هەم سامانە و هەم جوانی، زۆرێك لە ئێمە لە رۆژانی سەختی گرانی و نەبوون و گەمارۆی ئابووریدا، خشـڵ و زێری خێزانی، خوشکی یا کەسێکی، بۆ هەر مەبەستێك، کرێی خانوو بێ، کەلوپەلی ناوماڵ، کەرەستەی خۆراك و ....تد. بێ فرۆشتووە، دەمێکیشە گوتراوە ماڵی سپی بۆ رۆژی رەش، ئەو رۆژانە زێڕ و خشڵ زۆر کەسی لە گرفت و تەنگژە رزگار دەکرد، ئەوسا و ئێستاش ئافرەتان روویان لە کڕینی زێڕ کردووە، بەڵام ئێستا ، ئافرەت هەیە کە لە بۆنەکانی ژن گواســتنەوە و رۆژی لە دایکبوون و جەژن، دەیانبینی، نزیکەی نیو کیلۆ زێڕی بەخۆوە کردووە، ئەمە بکەو پرســیارەمان لا دروســت دەکات ئایا زێڕ بەخۆوەکردنی ئافرەتان بەو رادەیە چاولێکەری و لاسایی کردنەوەیە یان هەر ئارەزوویەکی ئافرەتانە و بەس...؟**

**ئافرەتێک: بەخۆوەکردنی زێڕی زۆر بۆخۆ دەرخستن و خۆدەوڵەمەند نیشاندانە**

## زێڕ شای کانزاکانە

کەس نکۆڵی لەوە نییە کە رەنگی زێڕ رەنگێکی جوان و ســەرنج راکێشە و خۆشــی کانزایەکی بە قیمەت و بە سەروەت و سامان دادەنرێت، شــتێکی ئاســاییە ئەگەر لەبەر ئەو خاسییەتانەی کە هەیەتی ئارەزووی لەسەر هەبێت و ژنان تەنانەت پیاوانیش حەز بکەن بەخۆیانەوە بکەن، زێر نەك هەر لای خۆمان، بەڵکو لای زۆربەی میللەتانی دنیاش کانزایەکی بە قیمەتە و ژنان حەز دەکەن بیکڕن و بەخۆیانەوە بکەن لەو بارەیەوە( چەتۆ سەرهەنگ ) ی زێڕنگەر ئەوە دووپات دەکاتەوە کە زێڕ هەمیشــە بەهای خۆی هەبووە، و هەرگیز ئەو بەهایەشی لە دەست نەداوە و، ئەو لەو بارەیەوە دەڵێ: من نزیکەی (٢٦) ساڵ دەبێ زێڕینگەرایەتی دەکەم و ئەو پیشەیەم لە باوکمــەوە بۆم بەجێماوە، باوکم پیاوێکــی تا بڵێی دنیادیتە و تێگەیشتوو بوو، نازانم چۆن بوو، ئەو پیشەیەی هەڵبژاردن، بەڵام دەزانم کە زێڕی لەلا زۆر بە قەدەر بوو، دەیگووت زێڕت کە هەبوو لە رۆژی رەش مەترســە، چونکە هــی رۆژی تەنگاویە و هەر کاتێك پێویســتت بە پارەبوو لە ماوەیەکــی زۆر کەمدا دەتوانی بیکەیە پارە، بۆیەش هەرگیز ئەو سەنگەی کە هەیەتی لە دەست نادات.. منیــش بە منداڵی لەگەڵ بابــم دەچوومە دوکان و تا ئەمڕۆش هــەر خەریکی زێرینگەریم، ئەم کانزایە بێجگە لەوەی کە هەمیشــە وەك پارە وایە، لایەنێکی هونەری بەرزیشی تێدایە، ئەوە نییە تۆ تەنیــا پارچە کانزایەك دەکڕی، بەڵکو زێڕ ئەگەر لایەنە جوانکاریی و هونەرییەکەی نەبێت، نابێتە کەرەســتەیەکی جوانکاریش، جۆرەها مۆدیل و نەخش و نیگار و هونەرکاری هەیە، زێڕ هەیە تەنیا لەبەر نەخشەکەی، کە وەستای زۆر دەست رەنگین دەینەخشێنێ، نرخەکەی دووقاتە، واتە نرخی دەست حەقەکەی بە قەد نرخی کێشی زێڕەکە خۆیەتی، جگە لەوەش زێڕیش مارکە و عەیاری خۆی هەیە، بۆ نموونە زێڕی عەیار(٢١) لای ئێمە زۆر باوە عەیار(١٨) و جۆری ئیتاڵی لای تورکەکان باوە، عەیار(٢١) ی هیندی کە بە خەلیجــی بەناوبانگە لای عەرەبەکانی کەنداو باوە، بە کورتی زێڕ هەم بۆ جوانییە و هەمیش پارەیە...

**ژنێک : من تەنیا بۆ خۆشی خۆم و وەک ئارەزوویەک ئەو کانزا جوانە بە خۆمەوە دەکەم**


لــە بۆنــە و ئاهەنگەکاندا تێبینمان کردووە، ئافــرەت هەبووە کە قایشی لیرە و رستە لیرە و جۆرەها شێوەی زێڕی بەخۆوە کردووە و بۆتە مایەی سەرنجدانی خەڵك، بەرێکەوت لە ئاهەنگی خزمی هاوڕێیەکمــان ئامادەبووین کە ئاهەنگی بووك گواســتنەوە بوو، تێبینیمــان کرد کە ئافرەتێك بەرادەیەکی بەرچاو زێڕی پێوەبوو کە جێگەی تێڕامان بوو، ئەوە هانی دانین کە پرسیار و لەهاوڕێکەمان بکەین تا ئەگەر ئەو ئافرەتە یان خێزانەکەی دەناسێ، بچینە لای و پرسیاری زێڕەکانی لێبکەین.
لەگەڵ هاوڕێکەمان کەوتینە گفتوگۆ ســەبارەت بەو شتە ئەویش کە ســەیری ئافرەتەکەی کرد گوتی: ئەوە خزمی خۆمە، وەرە با

ئا: فایلی کۆمەڵایەتی



# ئارەزووە یان چاولێکەری؟

بچینە لای خۆیی و پرسیاری لێبکە.
ئەوەبوو چووینە لایان و دوای چاك و چۆنی و خۆ پێناساندن باسەکە کرایەوە و ئێمەش سەبارەت بە زێڕ بە گشتی و زێڕەکانی خۆشی هەندێ پرسیارمان لێکرد و ئەویش گوتی:
ئەو زێڕانەی لەبەر منن ئەمانەن: قایشی لیرە، رستە لیرە، گۆبەرۆك، دوانزە تاك بازنی هیندی ، جووتێك خلْخاڵی گەورە و ئەستوور، پشتە سەر، گەردەنا فی رواندزی.. ئەوانە بایی نزیکەی (٨٥) گەڵا دەبێ، بەڕاستی ئەگەر تەماشای بکەی زۆربەی کچان و ژنان هەوڵیانداوە هەرچی زێڕی هەیانە بەخۆیانەوە بکەن، هەشن لە خزم و دۆست و ناسیاوان بۆ ماویەك خواستووە، لێرە ئافرەتان زێڕی زۆر بەخۆوەکردن بە نیشانەی دەوڵەمەندی و جۆرێك لە خۆو نازین و خۆپیشاندان دادەنێن، ئیدی ئەوەش پەیوەندی چاولێکەری و لاساییکردنەوە هەیە.
گوتمان هەندێك پێیان وایە زێڕ بەخۆوەکردن نیشانەی بەخۆو نازین وخۆ دەرخستن و وەك دەوڵەمەند دەرکەوتنەو بەشێوەیەکی چاولێکەرییانە ئەم خووەیانە هەیە، هەیشە نەخێر تەنیا حەزی لە زێڕە و پێی جوانە، خاتوو(جوان سابیر) کە ئەویشمان هەر لە ئاهەنگکە دواند، پێی وایە مەرج نییە هەموو ژنێك بۆ خۆ بادان و خۆ دەرخستن ، زێڕ بەخۆوە بکات، بەڵکو زۆرێك لە ئافرەتانیش هەن تەنیا بە پاڵنەری حەز و ئارەزوو زێڕ دەکرن، ئەو دەڵێ: من بۆخۆم هیچ کەیفم بەو رەفتارە نایەکە بۆ خۆپیشاندان و خۆ بە گەورەزانین زێڕ بەخۆوە بکەم، بەڵکو تەنیا ئارەزوویەکەو حەزم لێیەتی و دڵم بەو کانزایە خۆشە و کانزایەکی جوانە.
بە قسەی کاك( مەحمود جیهاد )ی زێڕنگەر ئەوە یەك دوو ساڵێکە، بازاڕی زێڕ بازاڕێکی هەرە بە هەڕمێن و گەرم و گوڕە، دوکانی زێڕینگەر نییە پێنج شەش ئافرەتی لێ دانەنیشی و مامەڵە و سەودای زێڕ نەکەن و دەست لەسەر فڵان پارچە زێڕ دانەنێن و فڵان پارچە زێڕ بە یەکێکی تر نەگۆڕن، ئەو دەڵێ کە: ئێستا وەکو جارانیش نییە، زۆربەی ئافرەتانی ئەمڕۆ چ بە مووچەکەی بێ ئەگەر فەرمانبەر بوو، چیش بە داهاتی خێزانەکەی بێ، یان یەك جێ، یان (مەشروع) ێك دەکات و پارە کۆدەکاتەوە و دێت بەو پارەیە پارچە زێڕێك دەکڕێ، وایلیهاتووە، ئافرەتان بەلێشاو خەریکی زێڕ کڕینن، ئەوجا لەو زێڕ کڕینەیە کە ئەو چاولێکەریی و ئەو جۆرە خۆ بادانانەش سەریهەڵداوە.
دەنا ئافرەت هەر بە سروشتی خۆی، بەشێوەیەکی ئاسایی حەزی لە زێڕبووە، هەر ئافرەتیش بووە زێڕی کڕیووە.



●●●
**زێڕنگەرێک: ئێستا ئافرەتان بە لێشاو زێڕ دەکڕن**
●●●

●●●
**زێڕ هەیە نرخی دەست هەقەکەی بە قەد نرخی کێشەکەی گرانە**
●●●



# مۆبایل کچێک دەکاتە کۆیلەی

ئا: خەندە گۆران

(شەرمین) کچێك بوو لە زانکۆ دەیخوێند خوشك و برایەکی لەخۆی بچووکتری هەبوو لە قۆناغی ناوەندی بوون، باوکی بەکاری کرێکارییەوە خەریك بوو، دایکیشی بۆ هاوکاریکردن و سووککردنی ئەم بارە قورسەی سەرشانی باوکی و بۆ باشترکردنی بژێوی ژیانیان کاری دوورمانی دەکرد، مرۆڤ بێ ئاگایە لە چارەنووسی و نازانێ کە قەدەر رووە و چ ئاقارێك ئاراستەی دەکات، زۆر جار هەنگاوەکانی بۆ چاکە پێچەوانە دەبێتەوە و مرۆڤەکە بەرەو هەڵدێر وماڵوێرانی دەبات.

وەکو(شەرمین) بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: لە قۆناغی ئامادەیی پۆلی شەشەم زۆر خۆم ماندوو دەکرد و شەو و رۆژم خستبووە سەریەکدی بۆ ئەوەی بتوانم نمرەیەکی باش بهێنم و لە کۆلێژێکی بەرز وەربگیرێم، خودای گەورە ئاواتەکەمی هێنایەدی و لە کۆلێژی ئەندازیاری وەرگیرام، لە زانکۆش خۆم زۆر ماندوو دەکرد هاوپۆلەکانم هەموویان حەزیان دەکرد لێم نزیك ببنەوە، هاوڕێیەتیم بکەن، دیارە ئەو رۆژەش هەروەکو رۆژانی ئاسایی خۆم لە کۆلێژ هاتمە دەرەوە چاوم بە کوڕێکی گەنج کەوت لەوبەری شەقامەکەی بەرامبەر دەرگای کۆلیژ راوەستاوە و سەیرم دەکات، وەك ئەوەی بمناسێ زەردەخەنەی بۆ دەکردم، بۆیە هەنگاوەکانم بەپەلە هاویشت و خۆم گەیاندە پاسەکە و سەرکەوتم، لە نێو پاسەکەش سەیری دواوەم دەکرد نەوەکو ئەویش سەرکەوتبێ بەڵام بەرچاوم نەکەوت، کە دابەزیم لە پاسەکە ئۆتۆمبێلێك لە تەنیشتم راوەستا و هەروەکو جاران زەردەخەنەی بۆکردم، منیش زۆر ترسام لە ترسان ئارەقە لە نێوچەوانم دەهاتنە خوار و زۆر بەپەلە بەرەو دەرگای ماڵەوە رۆیشتم، قاچەکانم تێك دەئاڵان و هەنگاوەکانم خێراتر کرد، کە گەیشتمە ماڵەوەش هەر بیرم لەو گەنجە دەکردەوە کە بۆچی بەمجۆرە هەڵسووکەوت دەکات، بۆ رۆژی دواتر چاوم بەهەمان گەنج کەوتەوە لە هەمان شوێنی پێشوو راوەستاوە، ئەم هەڵسوکەوتە و بەدواداهاتنی بەدەوام بۆ بەردەرگای ماڵەوە چەندین جار دووبارە بۆوە، تا رۆژێك کاغەزێکی بۆ فڕێدام منیش زۆر بە ترس و بەدوولییەوە کاغەزەکەم هەڵگرتەوە و سەیرم کرد ژمارە موبایلەکەی تێدا نووسرابوو، بۆیە هەر زوو لە بەردەگا کاغەزەکەم دڕاندوو فڕێمدایە نێو تەنەکەی زبڵەکە، دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك رۆژێك گوێم لە زەنگی موبایلەکەم بوو کە هەڵمگرت دەنگی کوڕێك بوو دیاربوو خۆی بوو، من هەڕەشەم لێکرد و پێم گوت: ئەگەر واز لەو هەڵسوکەوتە ناشرینانە نەهێنی، ئەو قسەیە بەکەس وکارم



# کوڕێک

رادەگەیەنم پاشان موبایلەکەم لەسەرداخست، دیاربوو راوەستانی لەبەردەرگای کۆلیژ گۆڕی بۆ پەیوەندی تەلەفۆنی و دووبارە تەلەفۆنی بۆکردمەوە، ئەمجارەش هەڕەشەم لێکرد کە ژمارەکەی دەدەمە لایەنی پەیوەندیدار دیسان موبایلەکەم داخستەوە، چەند رۆژێك نە پەیوەندی کرد و نە لەبەردەرگای کۆلیژ راوەستا، منیش رۆژانە وەکو عاداتی خۆم هەرکاتێ لە دەرگای کۆلیژ دەردەچووم سەیری شوێنەکەم دەکرد، بەڵام بەرچاوم نەدەکەوت، بۆیە لە دڵی خۆم گوتم: دیارە ئەم گەنجە کوڕێکی رێکوپێکە و رەوشتی منی بەدڵ بووە کێ نالێت بەڕاست منی خۆش دەوێت دوای چەند رۆژێك پەیوەندی پێکردمەوە کە موبایلەکەم هەڵگرت گوێم لەدەنگی بوو زۆر دڵخۆش بووم ئەویش داوای لێبوردنی کرد لەو هەڵسوکەوتانەی کە بەرامبەرم کردبووی و دەستی کرد بە قسەی جوان و پەیڤی خۆشەویستی، پێی گوتم: بڕوام پێبکە من لەو گەنجانە نیم و نیازم پاکە و مەبەستم خراپ نییە بەڵکو دەمەوێت بتخوازم، تۆ کچێکی رێکوپێکی و تۆم زۆر بەدڵە و تۆ بەخاوەن ئەخلاق و رەوشت بەرزی و منیش دەمێکە لە کچێکی وەکو تۆ دەگەڕێم کە ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ پێك بهێنم، منیش لەگەڵی کەوتمە قسەکردن و بەمجۆرە پەیوەندییەکەمان بەردەوامبوو، بەو قسەرازاوە و بریقەدارانە وای لێکردم رۆژ لە دوای رۆژ دڵم بۆی بچێت و خۆشم بوێت، ئەوە بوو رۆژانە کە لە دەرگای زانکۆ دەردەچووم و چاوم پێدەکەوت زۆر دڵخۆش دەبووم، تاوای لێهات پەیوەندییەکەمان گەیشتە ئاستی پێکەوەدەرچوون، من وا هەستم دەکرد لەگەڵ ئەو کوڕە ئیرادەم زەوتکراوە و دڵمی لە جەستە دەرهێناوە، هەر قسەیەکی دەکرد بڕوام پێی دەکرد، داوام لێکرد بێت بۆ داوام ئەویش پێی گوتم: ئەوە ئاواتی منە کە رۆژێك دابێت تۆ ببیت بە خێزانم و من و تۆ پێکەوە لە ماڵێکی خنجیلانە بەخۆشی و کامەرانی بژین، من بەو قسانە دەچوومە خەیاڵەوە و بڕوای تەواوم پێی هەبوو، تا ئەو رۆژەی پێی گوتم:(شەرمین) گیان پێویستمان بە دانیشتنێکی درێژ هەیە بۆ ئەوەی قسە لەسەر هەندێ مەسەلەی پەیوەست بەخۆمان بکەین باشترین شوێنش ماڵی خۆمانەو، بەمجۆرە رازیکردم و چووم لەگەڵی، هەر کە دانیشتم و کەمێك پشووم دا ئاوێکی ساردی بۆ هێنام تەنیا ئەوەندەم زانی کە خواردمەوە ئیدی ئاگام لەخۆم نەما، کاتێك بەخۆم هاتمەوە نازانم چی بڵێم شەرمین بەدەم قسەکردنەوە کێشاو فرمێسك لە چاوەکانی دەهاتنە خوار و گوتی: سەربەرزی خۆم لەدەستدابوو هاوارم کرد و دەستم کرد بە گریان پێم گوت: بۆ واتکرد، مەترسە دوای چەند رۆژێکی دیکە دێم بۆ داوات و مارەت دەکەم بە دڵێکی پڕ لەخەم بەرەو ماڵەوە گەڕامەوە، قاچەکانم توانای رۆیشتنیان نەمابوو دنیا لەبەرچاوم تاریك بووبوو بەردەوام دەگریام تەنانەت نەمتوانی دەوامی کۆلیژیش بکەم، رۆژلەدوای رۆژ وەزعم خراپتر دەبوو، چاوەڕوانی ئەو کوڕە بووم بێت بۆ خوازبێنیم رۆژێك زەنگی موبایلەکەم لێیدا و ئەو کوڕەبوو پێی گوتم: دەمەوێت بتبیم کارێکی گرنگم پێتە، منیش زۆر دڵخۆش بووم گوتم دیارە بۆ مەسەلەی خوازبێنییەکەیە بۆیە زۆر بەپەلە چووم کە گەیشتم پێش ئەوەی قسە بکەم پێ گوتم: حەز ناکەم بەهیچ جۆرێ باسی خوازبێنی بکەیتەوە، دەمەوێت هەروا پێکەوە رابوێرین، کە ئەو قسەم گوێ لێبوو، وەکو شێتم لێهات و دەستم بەرز کردەوە کەچی دەستی گرتموو هەڕەشەی لێکردم، منیش گوتم: تۆ مرۆڤ نی؟ بۆ هەڵەی خۆت راست ناکەیتەوە؟ گوتی: هەڵەی چی من هیچ هەڵەم نەکردووە وەرە سەیری ئەو موبایلە بکە بزانە چی تیایە کە سەیرم کرد چیم بینی هەموو کارەکەی بەموبایل وێنە گرتبوو، هەڕەشەشی لێکردم کە دەبێ هەرچی ئەو بڵێ بە گوێی بکەم ئەگینا ئابڕوم دەبات و وێنەکە بڵاو دەکاتەوە هەرچەندە گریام و زۆر لەبەری پاڕامەوە کە ئەوکارە نەکات، چونکە بەمجۆرە نەك ئابڕوی من بەڵکو خێزانێك لەنێو دەچێت و کۆتایی بەژیانی من دەهێندرێت، بەڵام سوودی نەبوو، لەو رۆژەوە بوومەتە نێچیری دەستی ئەو گەنجە بێوێژدانە و بە ئارەزووی خۆی دەست دەستم پێدەکات، تاوای لێهات وێنەکە بڵاو بۆوە و خزم و کەسەکانم بەو کارەیان زانی و هەڕەشەی کوشتنیشیان لێکردم، منیش لە ترسان رامکردو و ئێستاش نازانم چارەنووسم بەچی دەگات.

**دوای کەمێک پشوودان ئاوێکی ساردی پێدام، چەند خولەکێک دوای خواردنەوەی ئاگام لەخۆم نەما**

**کوڕەکە مەبەستی خوازبێنی کچێک بێ لە دەرگاوە دێتە ژوور نەک لە پەنجەرەوە، هیچ کەسێک ناتوانێ تەنیا لە رێگەی قسەکردن بە مۆبایلەوە تەواو لە ماهیەت و کرۆکی کەسایەتی کەسێکی دیکە شارەزابێ، نەخاسمە لە بابەتێکی چارەنووسسازی وەک هاوسەرێتی**

# مۆبایل کچێک دەکاتە کۆیلەی کوڕێک

(شەرمین) کچێك بوو لە زانکۆ دەیخوێند خوشك و برایەکی لەخۆی بچووکتری هەبوو لە قۆناغی ناوەندی بوون، باوکی بەکاری کرێکارییەوە خەریك بوو، دایکیشی بۆ هاوکاریکردن و سووککردنی ئەم بارە قورسەی سەرشانی باوکی و بۆ باشترکردنی بژێوی ژیانیان کاری دوورمانی دەکرد، مرۆڤ بێ ئاگایە لە چارەنووسی و نازانێ کە قەدەر رووە و چ ئاقارێك ئاڕاستەی دەکات، زۆر جار هەنگاوەکانی بۆ چاکە پێچەوانە دەبێتەوە و مرۆڤەکە بەرەو هەڵدێر و ماڵوێرانی دەبات.

وەکو(شەرمین) بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: لە قۆناغی ئامادەیی پۆلی شەشەم زۆر خۆم ماندوو دەکرد و شەو و رۆژم خستبووە سەریەکدی بۆ ئەوەی بتوانم نمرەیەکی باش بهێنم و لە کۆلێژێکی بەرز وەربگیرێم، خودای گەورە ئاواتەکەمی هێنایەدی و لە کۆلێژی ئەندازیاری وەرگیرام، لە زانکۆش خۆم زۆر ماندوو دەکرد هاوپۆلەکانم هەموویان حەزیان دەکرد لێم نزیك ببنەوە، هاوڕێیەتیم بکەن، دیارە ئەو رۆژەش هەروەکو رۆژانی ئاسایی خۆم لە کۆلێژ هاتمە دەرەوە چاوم بە کوڕێکی گەنج کەوت لەوبەری شەقامەکەی بەرامبەر دەرگای کۆلیژ راوەستاوە و سەیرم دەکات، وەك ئەوەی بمناسێ زەردەخەنەی بۆ دەکردم، بۆیە هەنگاوەکانم بەپەلە هاویشت و خۆم گەیاندە پاسەکە و سەرکەوتم، لە نێو پاسەکەش سەیری دواوەم دەکرد نەوەکو ئەویش سەرکەوتبێ بەڵام بەرچاوم نەکەوت، کە دابەزیم لە پاسەکە ئۆتۆمبێلێك لە تەنیشتم راوەستا و هەروەکو جاران زەردەخەنەی بۆکردم، منیش زۆر ترسام لە ترسان ئارەقە لە نێوچەوانم دەهاتنە خوار و زۆر بەپەلە بەرەو دەرگای ماڵەوە رۆیشتم، قاچەکانم تێك دەئاڵان و هەنگاوەکانم خێراتر کرد، کە گەیشتمە ماڵەوەش هەر بیرم لەو گەنجە دەکردەوە کە بۆچی بەمجۆرە هەڵسووکەوت دەکات، بۆ رۆژی دواتر چاوم بەهەمان گەنج کەوتەوە لە هەمان شوێنی پێشوو راوەستاوە، ئەم هەڵسوکەوتە و بەدواداهاتنی بەدەوام بۆ بەردەرگای ماڵەوە چەندین جار دووبارە بۆوە، تا رۆژێك کاغەزێکی بۆ فڕێدام منیش زۆر بە ترس و بەدوولێییەوە کاغەزەکەم هەڵگرتەوە و سەیرم کرد ژمارە موبایلەکەی تێدا نووسرابوو، بۆیە هەر زوو لە بەردەگا کاغەزەکەم دڕاندوو فڕێمدایە نێو تەنەکەی زبڵەکە، دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك رۆژێك گوێم لە زەنگی موبایلەکەم بوو کە هەڵمگرت دەنگی کوڕێك بوو دیاربوو خۆی بوو، من هەڕەشەم لێکرد و پێم گوت: ئەگەر واز لەو هەڵسوکەوتە ناشرینانە نەهێنی، ئەو قسەیە بەکەس وکارم رادەگەینم پاشان موبایلەکەم لەسەرداخست، دیاربوو راوەستانی لەبەردەرگای کۆلیژ گۆڕی بۆ پەیوەندی تەلەفۆنی و دووبارە تەلەفۆنی بۆکردمەوە، ئەمجارەش هەڕەشەم لێکرد کە ژمارەکەی دەدەمە لایەنی پەیوەندیدار دیسان موبایلەکەم داخستەوە، چەند رۆژێك نە پەیوەندی کرد و نە لەبەردەگای کۆلیژ راوەستا، منیش رۆژانە وەکو عاداتی خۆم هەرکاتێ لە دەرگای کۆلیژ دەردەچووم سەیری شوێنەکەم دەکرد، بەڵام بەرچاوم نەدەکەوت، بۆیە لە دڵی خۆم گوتم: دیارە ئەم گەنجە کوڕێکی رێکوپێکە و رەوشتی منی بەدڵ بووە کێ ناڵێت بەڕاست منی خۆش دەوێت دوای چەند رۆژێك پەیوەندی پێکردمەوە کە موبایلەکەم هەڵگرت گوێم لەدەنگی بوو زۆر دڵخۆش بووم ئەویش داوای لێبوردنی کرد لەو هەڵسوکەوتانەی کە بەرامبەرم کردبووی و دەستی کرد بە قسەی جوان و پەیڤی خۆشەویستی، پێی گوتم: بڕوام پێبکە من لەو گەنجانە نیم و نیازم پاکە و مەبەستم خراپ نییە بەڵکو دەمەوێت بتخوازم، تۆ کچێکی رێکوپێکی و تۆم زۆر بەدڵە و تۆ بەخاوەن ئەخلاق و رەوشت بەرزی و منیش دەمێکە لە کچێکی وەکو تۆ دەگەڕێم کە ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ پێك بهێنم، منیش لەگەڵی کەوتمە قسەکردن و بەمجۆرە پەیوەندییەکەمان بەردەوامبوو، بەو قسەرازاوە و بریقەدارانە وای لێکردم رۆژ لە دوای رۆژ دڵم بۆی بچێت و خۆشم بوێت، ئەوە بوو رۆژانە کە لە دەرگای زانکۆ دەردەچووم و چاوم پێدەکەوت زۆر دڵخۆش دەبووم، تاوای لێهات پەیوەندییەکەمان گەیشتە ئاستی پێکەوەدەرچوون، من وا هەستم دەکرد لەگەڵ ئەو کوڕە ئیرادەم زەوتکراوە و دڵمی لە جەستە دەرهێناوە، هەر قسەیەکی دەکرد بڕوام پێی دەکرد، داوام لێکرد بێت بۆ داوام ئەویش پێی گوتم: ئەوە ئاواتی منە کە رۆژێك دابێت تۆ ببیت بە خێزانم و من و تۆ پێکەوە لە ماڵێکی خنجیلانە بەخۆشی و کامەرانی بژین، من بەو قسانە دەچوومە خەیاڵەوە و بڕوای تەواوم پێی هەبوو، تا ئەو رۆژەی پێی گوتم:(شەرمین) گیان پێویستمان بە دانیشتنێکی درێژ هەیە بۆ ئەوەی قسە لەسەر هەندێ مەسەلەی پەیوەست بەخۆمان بکەین باشترین شوێنش ماڵی خۆمانەو، بەمجۆرە رازیکردم و چووم لەگەڵی، هەر کە دانیشتم و کەمێك پشووم دا ئاوێکی ساردی بۆ هێنام تەنیا ئەوەندەم زانی کە خواردمەوە ئیدی

ئاگام لەخۆم نەما، کاتێك بەخۆم هاتمەوە نازانم چی بڵێم شەرمین بەدەم قسەکردنەوە کێشاو فرمێسك لە چاوەکانی دەهاتنە خوار و گوتی: سەربەرزی خۆم لەدەستدابوو هاوارم کرد و دەستم کرد بە گریان پێم گوت: بۆ واتکرد، مەترسە دوای چەند رۆژێکی دیکە دێم بۆ داوات و مارەت دەکەم بە دڵێکی پڕ لەخەم بەرەو ماڵەوە گەڕامەوە، قاچەکانم توانای رۆیشتنیان نەمابوو دنیا لەبەرچاوم تاریك بووبوو بەردەوام دەگریام تەنانەت نەمتوانی دەوامی کۆلیژیش بکەم، رۆژلەدوای رۆژ وەزعم خراپتر دەبوو، چاوەڕوانی ئەو کوڕە بووم بێت بۆ خوازبێنیم رۆژێك زەنگی موبایلەکەم لێیدا و ئەو کوڕەبوو پێی گوتم: دەمەوێت بتبیم کارێکی گرنگم پێتە، منیش زۆر دڵخۆش بووم گوتم دیارە بۆ مەسەلەی خوازبێنییەکەیە بۆیە زۆر بەپەلە چووم کە گەیشتم پێش ئەوەی قسە بکەم پێ گوتم: حەز ناکەم بەهیچ جۆرێ باسی خوازبێنی بکەیتەوە، دەمەوێت هەروا پێکەوە رابوێرین، کە ئەو قسەم گوێ لێبوو، وەکو شێتم لێهات و دەستم بەرز کردەوە کەچی دەستی گرتموو هەڕەشەی لێکردم، منیش گوتم: تۆ مرۆڤ نی؟ بۆ هەڵەی خۆت راست ناکەیتەوە؟ گوتی: هەڵەی چی من هیچ هەڵەم نەکردووە وەرە سەیری ئەو موبایلە بکە بزانە چی تیایە کە سەیرم کرد چیم بینی هەموو کارەکەی بەموبایل وێنەگرتبوو، هەڕەشەشی لێکردم کە دەبێ هەرچی ئەو بڵێ بە گوێی بکەم ئەگینا ئابڕوم دەبات و وێنەکە بڵاو دەکاتەوە هەرچەندە گریام و زۆر لەبەری پاڕامەوە کە ئەوکارە نەکات، چونکە بەمجۆرە نەك ئابڕوی من بەڵکو خێزانێك لەنێو دەچێت و کۆتایی بەژیانی من دەهێندرێت، بەڵام سوودی نەبوو، لەو رۆژەوە بوومەتە نێچیری دەستی ئەو گەنجە بێوێژدانە و بە ئارەزووی خۆی دەست دەستم پێدەکات، تاوای لێهات وێنەکە بڵاو بۆوە و خزم و کەسەکانم بەو کارەیان زانی و هەڕەشەی کوشتنیشیان لێکردم، منیش لە ترسان رامکردو و ئێستاش نازانم چارەنووسم بەچی دەگات.